

# گیرفانی پڕ لەبەرد

## بەسەرهاتی ژیان و ئەدەبی ڤرجینیا وۆڵف

غەفور ساڵح عەبدوڵڵا

بەشی دووەم و کۆتایی

### تارمایی مەرگ لە دەوری ڤرجینیا وۆڵفدا..

ڤرجینیا وۆڵف خۆی و مێردەکەی لە کاتی داگیرکاریی نازییەکاندا ئازوەقەیان ئامادەکرد بۆ کاتی مەترسیدار، بۆ ئەم مەبەستەیش تەگبیری پێویستیان کردبوو. بڕیاریان دابوو کە بە گاز خۆیان بکوژن، ئەگەر نازییەکان هێرشیان هێنا، چونکە مێردەکەی بەڕەگەز جوولەکە بوو، تەنها ترسی هێرشی نازییەکان نەبوو کە فشاری بۆ هێنا بوو، بگرە ڤرجینیا زۆر رووداوی دیکە کاریان تێکردبوو، وەکو مردنی ناوادەی دایکی و مردنی لەسەرەخۆی باوکی و برا خۆشەویستەکەی و ئەو هاورێیانەی کە چووبوون بۆ جەنگ و نەگەڕابوونەوە. وەکو بڵێی مەرگ چاوی تێبڕیوە، وەکو چۆن خۆی چاوی دەبڕییە دەوروبەرەکەی. بۆیە بڕیاری دا خۆی بۆ مەرگ بچێت بەرلەوەی ئەو بۆ لای بێت.

لە بیرەوەرییەکانیدا لە ساڵی ١٩٣١ بۆ ١٩٣٥ نووسیویەتی، کە لەگەڵ لیۆنارد وۆڵفی مێردیدا رۆیشتن بۆ لای دۆرا کارینگتۆن، دوای ئەوەی (لایتۆن ئەستراشی) کە برادەری هەردووکیان مرد بوو، بۆ دڵدانەوەی خۆشەویستەکەی تا ئەو کاتە بڕوای نەدەهات کە مردووە، ڤرجینیا دەڵێ: (چەند ترساو دیار بوو،

# ئەدەب ڕاخراوە بە پەردووی ڕای کەسانی دیکە زیاتر لە پێویست.

دەتووت منداڵێکە دەترسێ بۆ ئەوەی هەڵە نەکات نەبا سزادانی درێژە بکێشێت. هەر کە ویستمان بڕۆین دورا لەگەڵماندا هاتە خوارەوە تا بەردەرگای ماڵ و چەند جارێک ماچی کردم. پێم وت کەواتە لە هەفتەی داهاتوودا دێیت بۆ سەردانمان؟ وتی بەڵێ دێم و لەوانەیە نەیەم و جارێکی دیکە ماچی کردم و وتی (ماڵئاوا) پاشان چووە ژوورەوە، ئاوڕی دایەوە بۆ ئەوەی دەستی بۆ بەرزبکەمەوە. بینیم لەوێ وەستا بوو و تەماشای دەکردین، چەند جارێک دەستی بۆ بەرزکردمەوە و پاشان ونبوو). ئەوە دوا دیمەن بوو کە مێردو ژنەکە لە ژنە برادەرەکەیان دیبوویان، بۆ بەیانییەکەی سەعات هەشت و نیو بە تاپڕێک خۆی کوشت. چاوی لەسەر ئەو دوا دیمەنە لانەدەچوو و لەپڕ هەستی کردبوو ئەوە مژدەیەکی شوومە و تارمایی مەرگ لە ئاسۆوە دیاربوو، دوای ئەوەی زۆربەی برادەرەکانی مردبوون. تەنانەت سەگە خۆشەویستەکەیشی (بینکا)ی لەبیربوو. کە زانیی دوا گورزی ئەقڵی لێی دەدات ئەوە بوو گیرفانەکانی پڕ لەبەرد دەکات و خۆی خستە رووباری «ئووز»ەوە لە نزیکی ماڵەکەی لە شارۆچکەی (سۆسیکس) و خۆی دەخنکێنێ، ئەمەیش بەجوانی لەو فلیمە بەناوی (سەعاتەکان)ەوە بەرجەستەکرابوو، کە لە ڕۆمانەکەی (مایکل کیننگام)ەوە وەرگیرابوو و خەڵاتی پۆڵتیزەری وەرگرتووە. (برناردێت جابر) ژنە ڕەخنەگری ئەمریکی دەڵێت جوانترین ڕۆمانە کە خوێندومەتەوە، فلیمەکە لەوەوە وەرگیراوە بەهەمان ناو، کە نیکۆڵ کیدمان ڕۆڵی ڤرجینا وۆڵف دەبینی و لەگەڵ ئید هاریس و جۆلیان مۆر. ڕۆمانەکە باسی دوا ڕۆژی ژیانی ڤرجینا دەکات و نووسەر لەم ڕۆمانەدا هەمان تەکنیکی ڤرجینیا وۆڵف بەکار دەبات، پەنا ناباتە بەر گێڕانەوەی تەقلیدی کە دەقەکە بەرەبەرە هەڵدەکشێت لە بەرزبوونەوەی زەمەندا. پاڵەوانەکانی ئەم ڕۆمانە سێ ژنن، هیچیان پەیوەندییان بە یەکەوە نییە، تەنها ڕۆمانەکەی ڤرجینیا خۆی (خاتوو دالاوای) و ئەو گوڵە زەردەی کە هەرسێ ژنەکە باسی دەکەن، بێگومان هەریەکێک لەو سێ ژنە نمایندەی قۆناغێکن: کلاریسە کە ڕۆژنامەنووسە لە زەمەنی ئێستادا، واتا زەمنی ٢٠٠٢ کاتی نووسینی ڕۆمانە، هەر خۆیشی پاڵەوانی ڕۆمانی (خاتوو دالاوای)یە. لۆرا کابانی ماڵە لە زەمەنێکی دواتر دوای جەنگی جیهانیی دووەم ساڵی ١٩٥١و رایەڵی نێوان ئەم دوو ژنە ڤرجینا وۆڵف خۆیەتی، کاتی نووسینی ڕۆمانی (خاتوو دالاوای) ساڵی ١٩٢٣. دەسپێکردنی ڕۆمانەکە لە ساڵی ١٩٤١ە، ئەو ساڵەی کە ڤرجینیا خۆی خنکان.

نووسەر بە وردەکارییەوە دیمەنی خۆکوشتنەکەی وێناکردووە، دوای ئەوە ڕۆمانەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی نووسینی ڕۆمانی (خاتوو دالاوای) ١٩٢٣، دواجار گێڕانەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥١ بۆ لای (لۆرا) خوێنەری ڕۆمانی (خاتوو دالاوای). گێڕانەوە لە ڕۆمانەکەدا بە زەمەنێکی هاوتەریب دەڕوا، باسی هەرسێ خانمەکە دەکات و هەریەکەو لە سەردەمی خۆی و بارو زروفی خۆیدا. دوای مردنی دوو نامەی ڤرجینیا وۆڵف دۆزرایەوە لە نێو کاغەزەکانیدا، نامەی یەکەم بۆ ڤینسای خوشکی و دووەمیش بۆ مێردەکەیەتی لیۆنارد وۆڵف. دیاربوو کە ڤرجینیا لەوەو پێش هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە، بۆیە ڕۆژێکیان بە جلی تەڕەوە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ، هەر کە لێی دەپرسن، دەڵێ کەوتە ئاوەوە. لە دوا نامەیدا بۆ مێردەکەی



*لە هەموو ڕووداوە مێژووییەکاندا ژن نادیار بووە.

*ئەدەب ڕاخراوە بە پەردووی ڕای کەسانی دیکە زیاتر لە پێویست.

نووسیویەتی: (ئەی ئازیزترین، یەقینم هەیە کە جارێکی دیکە نزیک دەبمەوە لە شێتبوون، هەست دەکەم ناتوانین سەرلەنوێ خۆمان لە بەرامبەر ئەو کاتە ترسناکانە بگرین.

ئەمجارە چاک نابمەوە، گوێم لە دەنگانێکەو ناتوانم تەرکیز بکەم، بۆیە شتێک دەکەم کە پێموایە باشترە. بە پێی توانا گەورەترین بەختەوەریت دامێ. هەمیشە هەموو شتێک بوویت بۆ من وەکو مرۆڤ بیەوێت، وابزانم ژن و مێردێکی دیکە نییە هێندە بەختەوەرییان بەرکەوتبێ، تا ئەم نەخۆشییە نەگریسە پەیابوو. زۆر بەرگریم کرد وەلێ چیتر تاقەتی بەرگریکردنم نەماوە، دەزانم ژیانتم تێکدا، بەڵام دوای من دەتوانی کاربکەیت و بەردەوامیش دەبیت لە کارکردن و ئەمە دەزانم، تۆ دەبینی تەنانەت ناتوانم ئەم نامەیەش بنووسم بە شێوەیەکی دروست. ناتوانم بشخوێنمەوە، دەمەوێ بڵێم من قەرزاربای ئەم هەموو بەختەوەرییەم کە بۆ منت رەخساند لە ژیانمدا، تا ئەوپەڕی پشووت هەبوو لەگەڵمدا، چاک بوویت بەڕادەیەک کە باوەڕ ناکرێت. دەمەوێ ئەمە بڵێم، کە هەموو خەڵکی دەزانن، ئەگەر کەسێک هەبێ رزگاری کردبم، ئەوە تۆیت. هەموو شتێکم لێ ونبوو، جگە یەقینم بە دڵباشی تۆ نەبێت. ناتوانم لەوە زیاتر لە تێکدانی ژیانت بەردەوام بم..

ڤ.و.

دوای ئەوەی ئەو نامەیەی تەواوکرد لە ماڵە گوندیەکەی لە رۆدمیل، سەعات یانزەو سی خولەک هاتەدەرەوە و داردەستەکەی پێ بوو، لەو مێرگە پەڕییەوە کە لە نێوان ماڵەکەی و رووبارەکەدا بوو، گیرفانەکانی پڕکرد لە بەرد بۆ ئەوەی قورس بێت و خۆی خستە رووبارەکەوە. تا رۆژی هەژدەی ئەپریل تەرمەکەی نەدۆزرایەوە، بەڵام هەندێ منداڵ تەرمەکەیان ئاشکرا کرد و دواجاریش مێردەکەی تەرمەکەی ناسییەوە. دوای ئەوەی پشکنینی بۆ کرا دەرکەوت لە ئەنجامی تێکچوونی ئەقڵی خۆی کوشتووەو ٢١ی ئەبریل لە برایتۆن بە بێدەنگی تەرمەکەی سووتێنرا. پاشان خۆڵەمێشەکەی بە دەوری ئەو دوو دارەی لای ماڵەکەیدا پرژێنرا. دواجار مێردەکەی لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ (٣١٩ شەوی زریاناوی بە هێواشی بە کارەسات دەڕۆیشت..). لە بەشێک لە بیرەوەرییەکانیدا ڤرجینیا نووسیویەتی (نیشانەیەکم لەسەر رستەیەکی (هینری جێمس) داناوە کە دەڵێ: (لە چاودێریکردن مەوەستە). چاودێریی تەمەن دەکەم کە دەڕوات، چاودێریی چاوچنۆکی دەکەم، چاودێریی ئەو نۆرە خەمۆکی و بێزارییە دەکەم کە تووشم دەبێت. بەم رێبازە دەتوانم چاودێری بخەمە کار). رۆماننووس مایکل کننگام لە رۆمانی «سەعاتەکان»دا ژیانی ڤرجینا وۆڵف دەگەڕێنێتەوە، بەوەی کە چیرۆکی کلاریسا و لۆرا دروست دەکات. ساڵی ١٩٢٣ لە لەندەن بەیانییەکیان ڤرجینیا بەئاگادێتەوە، ئەنجامی خەونێکی خەمۆکی و دووبارە، ئەم خەونەیش وای لێدەکات کە دەست بە نووسینی رۆمانە نوێیەکەی (خاتوو دالاوای) بکات. خەمبارە چونکە لە ماڵەکەی لە بلومزبیری دوورخراوەتەوە بۆ خانوویەکی لادێ، کە خەم و شەڵەژانی کەم ناکاتەو بۆ مێردە خۆشەویستەکەی لێۆنارد، کە بردی بۆ ئەو خانووە گوندییە بۆ چاکبوونەوە لە نەخۆشییەکەی. هەوڵدەدا بۆ ئەوەی بەرگریی تێکچوونی ئەقڵی بکات و بیرکردنەوەکانی کۆنترۆڵ

# وشەکان لە فەرهەنگەکاندا ناژین، بگرە لە ئەقڵەکاندا دەژین

بکات تا بتوانێت بنووسێت. لە زەمەنی هەنوکەدا لە بەیانییەکی سامالّدا (کلاریسا فۆن) کە تەمەنی پەنجا و دوو ساڵە خەریکی ئامادەکردنی ئاهەنگێکە بۆ ڕێچاردی خۆشەویستی کە شاعیرەو خەڵاتێکی گەورەی ئەدەبیی وەرگرتووە و تووشی نەخۆشیی ئایدز بووە و چاوەڕێی مەرگە. لە ڕۆمانەکەی ڤرجینیا خۆیدا نەخۆشییەکە ئەنجامی گوللە تۆپە. لە لایەکی دیکەوە لە لۆس ئەنجلۆس ساڵی ١٩٥١، لۆرا کە ژنی ماڵە و کوڕێکی منداڵی هەیە بەناوی ڕێچاردەوە، ئەویش خەریکی ئامادەکردنی ئاهەنگە بۆ جەژنی لەدایک بوونی مێردەکەی، بەڵام ناتوانێ دەسبەرداری خوێندنەوەی ڕۆمانی (خاتوو دالاوای) بێت.

چەند گرتەیەکی تێژتێپەڕی ژیانی ئەو دوو ژنە کە ژیانی ڤرجینیا وۆڵفیش دەگرێتەوە. تۆڕێکی درامیی ژیانی ئەو سێ خانمەیە کە بە یەکیانەوە دەبەستێت، بە چەند دەزوویەک کە لەگەڵ ڕۆمانی خاتوو دالاوی یەکتر دەبڕن لەلایەک و لە لایەکی دیکەوە بەشداریکردنیان لەگەڕان بەدوای بوونێکی ڕاستەقینەدا، ئەو ساتە بەنرخانەی کە مرۆڤ دەیەوێ شتێکی لێ بەدەست بهێنێ یان پاکانەیەکی لەبار بدۆزێتەوە بۆ ژیانی. کننگام لە زمانی کلاریساوە دەڵێ: (دیارییە وردەکان بۆیان سەعاتێک لێرە و سەعاتێک لەوێ، کاتێک ژیان لەپڕێکدا دەشنێتەوە، سەرباری ئەو هەموو کۆسپ و پێشبینییانەش، وزەیەکی ڕووناکیمان بۆ دەکاتەوەو هەموو ئەو شتانەمان دەداتێ کە دەمێک بوو بیرمان لێیان دەکردەوە). کاتێک کننگام لە نێوان ئەو سێ ژنەدا دێت و دەچێت بە نەرم نیانی و بێ هەڵچوون، لە کۆتایی بەشی یەکەمدا ڤرجینیا قەڵەمەکەی دەگرێت بە دەستەوە و ئەم ڕستەیە دەنووسێت: (خاتوو دالاوای وتی کە خۆی گوڵ دەکڕێت). لە سەرەتا بەشی دووەمدا هەمان ساتی نووسینی ڕستەی پێشوو، لۆرا چاو دەخشێنێ بە هەمان ئەو ڕستەیەدا و ڕووخساری گەش دەبێتەوە، لەوانەیە بۆ بیرۆکەی گوڵەکان بووبێت یان بۆ نقووم بوون لە ڕۆمانەکەی ڤرجینیا وۆڵف کە ئاشقی بووبوو. وەکو وتمان ئەم ڕۆمانە کرا بە فلیمی سینەمایی و لە دەرهێنانی (ستیڤن دالدرای) و نیکۆل کیدمان ڕۆڵی ڤرجینیای بینی و جۆلیان مۆر ڕۆلی لۆرای بینی و میریل ستریب دەوری کلاریسای بینی و ئید هاریسیش ڕۆلی ڕێچارد سبتیمسی بینی. بازدان بەسەر پەیژەکانی زەمەندا و گوێزانەوەی کتوپڕ لە نێوان بەشەکانی نمایشەکەدا، یەکتربڕو بەیەکداچوونی کات لەگەڵ کارەکتەرەکاندا، گرنگترین تەکنیکی وۆڵفە لە بونیادی درامیی ڕۆماننووسیندا، هەمان ئەم تیمەیشە کە دەرهێنەری فلیمەکەی ئیشی لەسەر کرد و خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرت.

## هەندێ لە وتەکانی ڤرجینیا وۆڵف:

* هەموو مرۆڤێک رابردووی خۆی وەکو پەڕەی کتێب لەبەردەکات، برادەرەکانی تەنها ناونیشانەکەی دەخوێننەوە..

*وشەکان لە فەرهەنگەکاندا ناژین، بگرە لە ئەقڵەکاندا دەژین.

*لە هەموو ڕووداوە مێژووییەکاندا ژن نادیار بووە.

*ئەدەب ڕاخراوە بە پەردووی رای کەسانی دیکە زیاتر لە پێویست.

*ئەگەر ڕاستگۆ نەبیت بەرامبەر بە خۆت، ناتوانی لە بارەی کەسانی دیکەوە هیچ بڵێی.



هەموو مرۆڤێک رابردووی خۆی وەکو پەڕەی کتێب لەبەردەکات، برادەرەکانی تەنها ناونیشانەکەی دەخوێننەوە..

ئەگەر ڕاستگۆ نەبیت بەرامبەر بە خۆت، ناتوانی لە بارەی کەسانی دیکەوە هیچ بڵێی.